

# پاڵەوانێتی باڵەی وەرزشوانە دێرینەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە بەڕێوەچوو

لە هۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر بە بەشداری کردنی هەریەك لە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی وەرزشوانە دێرینەکانی شارەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکوك) بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ ماوەی چوار رۆژ بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا هەڵبژاردەی سلێمانی توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت دوای تۆمارکردنی ٣ سەرکەوتن و هەڵبژاردەی کەرکووك پلەی دووەمی بە دەستهێنا دوای تۆمارکردنی ٢ سەرکەوتن و یەك دۆڕان و هەڵبژاردەی هەولێر پلەی سێیەمی بە دەستهێنا دوای بە دەستهێنانی یەك سەرکەوتن و دوو دۆڕان و هەڵبژاردەی دهۆك پلەی چوارەمی بە دەستهێنا دوای دۆڕاندنی لە سێ یاری.



# یانەی سلێمانی خۆی بەهێز دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراق لەم وەرزەی خولەکەدا، دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی لە بەهێزکردنی یانەکەیە بۆئەوەی ئاستی ڕاستە قینەی خۆی بگەڕێتەوە لەم بارەشەوە مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی گوتی «ئێمە مەبەستمان ئەنجامی شایستەیە لەم وەرزەی خولی بژاردەی عێراق، بۆیە لە ئێستادا لە بەرنامەماندایە بۆ ئەوەی بتوانین سێ یاریزانی بەتوانا وگۆڵچیەك بهێنیە ریزی یانەکەمان بەڵام، تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییمان لەسەر ناوی ئەم یاریزانانە نەداوە.

# پاڵەوانێتی بلیاردی کراوەی

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری بلیارد لە شاری کەرکوك بەرەو پێشبردنی زیاتری یارییەکە، یەکێتیی بلیاردی لقی کەرکوك پاڵەوانێتیەکی کراوەی بۆیاریزانانی شارەکە ئەنجامدا، لە پاڵەوانێتیەکەش ١٠٥یاریزانی شارەکە لەهۆڵی ئەل عالەمیە بۆماوەی سێ رۆژ لە کێبڕکێ دابوون بەمەبەستی

# هەولێر بووە پاڵەوان

یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی ناوەندەکانی وەرزش و لاوانی هەولێر و دەوروبەری لە نێوان هەردوو ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر و بەحرکە لە ئاستی تازەپێگەیشتووان ئەنجامدرا و هەولێر بووە پاڵەوان.

یارییەکە ئێوارەی دووشەممە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە کادیرانی بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی هەولێر و بەشێك لە جەماوەری وەرزش لە یاریگەی چیمەنی دەستکردی هۆڵی زەرد بەڕێوەچوو.

لە ئەنجامیشدا ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی ئەنجامێکی گەورە تۆمار بکات و بە ٤-١ گۆڵ لە ناوەندی وەرزش و لاوانی بەحرکەی بردەوە و نازناوی پاڵەوانیەتییەکەی بەدەست هێنا.

تیپی تازەپێگەیشتووانی ناوەندی هەولێر لە لایەن هەردوو ڕاهێنەر وشیار مەعرووف و کەیفی عەبدولڕەحمانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بە ئاستێکی بەرز توانییان نازناوەکە بەدەست بهێنن.

جێی باسە لە پاڵەوانیەتییەکەدا ١١ ناوەندی



# یاریزانانی کەرکوک بەڕێوەچوو



بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتیەکە یارییەکانیشی بە سیستەمی چوونە دەرەوە بەیەك دۆڕاندن بەڕێوەچو، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو:

١-هێمن ئەمیر لە یانەی لەیلان
٢-هەژارعەبدول ڕەحمان لە یانەی خاك
٣-هاوڕێ موسا لە یانەی بابە گوڕگوڕ
٣-سەمەد عەبدوڵڵا لە یانەی سۆلاڤ

# ــــــی ناوەندە وەرزشییەکانی هەولێر و دەوروبەری

وەرزش و لاوان لە هەولێر و دەوروبەری بەشداربوون و بەسەر دوو گرووپدا دابەش کرابوون، یارییەکانیش بە شێوازی خول بە یەك قۆناغ بەڕێوەچوون.

پاڵەوانیەتییەکە یەکێکە لە چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر، سەبارەت بەو چالاکییە و ئامانجیان لە کردنەوەی خولە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان، بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر تاهیر سابیر خۆشناو گوتی: هەموو کات ئامانجمان لە کردنەوەی خولە وەرزشییە جۆراوجۆرەکانی پێگەیاندنی یاریزان و وەرزشوانی لاوی کوردە و دەمانەوێت لاوان و منداڵانی کورد بە شێوەیەکی زانستی و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە بچن لە ئاستی وەرزشیدا.

گوتیشی: «ناوەندە وەرزشییەکان پێگەی دروستبوونی زانستییانەی یاریزانە لە هەموو یارییەکاندا، خۆشبەختانەش ئێستا لە زۆربەی شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانیشدا ناوەندی وەرزش و لاوان دروست کراوە و پێداویستییەکانی بۆ دابین کراوە و بایەخێکی تەواوی پێ دەدرێت، هیواداریشین یانە وەرزشییەکانیش سوود لە یاریزان و بەهرەمەندانی ناوەندە وەرزشییەکان وەربگرن و بیانبەنە ڕیزەکانیانەوە و پشتیان پێ ببەستن.



# ڕاهێنانی کەمکردنەوەی کێش

## بەشی یەکەم

لە ماوەی ڕابردوودا کێشەی زیادبوونی کێش لە نێوان ئافرەتان بووتە دیاردە، ئەوەیش بە کۆبوونەوەی چەوریی لە ناوچەی زگ و دواوە بەشێوەیەکی تایبەت ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ بڕبڕەی پشت، جگە لە چەند نەخۆشی دیکە بۆیە بە پێویستمان زانی لەم ژمارەیە و ژمارەکانی داهاتوو چەند ڕاهێنانێکی تایبەت بە کەمکردنەوەی کێش پێشکەش بکەین بەمەبەستی سوود وەگرتن، بەڵام پێویستە لەسەر هەموو لایەك پێش جێبەجێکردنی ئەم ڕاهێنانە پەیڕەوی ئەم ٣ خاڵی خوارەوە بکەن:

١-دەبێت ڕاهێنانەکان بەشێوەیەك ئەنجام بدەن، کە تووشی سەرسووڕان و ماندوو بوون نەبن.

٢-بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەم ڕاهێنانە دوای نان خواردن ئەنجام بدرێت.

٣- پێش ئەنجامدانی ئەم ڕاهێنانە دەبێت بەشێوەیەکی باش مەشقی خۆگەرم کردنەوە وەکو (یارییەکانی سویدی ) ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئازارەیەکی لە ناکاو نەبن.

**ڕاهێنانی یەکەم:**

دەبێت یەکەمجار لەسەر زەوی درێژ بێت و دەستەکان لە تەنیشت دابندرێت دواتر هەردوو قاچ بەرزبکرێتەوە بۆئەوەی کەمەر لەگەڵ قاچەکان گۆشەی وەستان دروست بکەن، ئەمە دەبێت ماوەی ١٠ چرکە بەردەوام بێت، دواتر قاچەکان بە هێواشی بێنە خوارەوە.

دەتوانیت ئەم ڕاهێنانە ڕۆژانە ٢٠ جار دووبارە بکەیتەوە بۆ ئەوەی سوودێکی باشی لێوەربگریت، بەڵام ئەنجامدانی دەبێت وردەوردە بێت.



# جوانترین ١٠ کچە یاریزانی تۆپی پێ لە ساڵی ٢٠١٢

دوای چەند رۆژێکی دیکە ماڵئاوایی لە ساڵی ٢٠١٢ دەکەین و پێشوازی لە ساڵی ٢٠١٣ دەکەین، لەم ساڵەدا چەندین رووداوی گرنگ و جۆراو جۆری وەرزشی روویانداوە، لەگەڵ تەواوبوونی ساڵی ٢٠١٢دا چەند رۆژنامەیەکی جیهانی بە پێی ئامارێکی تایبەت جوانترین ١٠ کچە یاریزانی تۆپی پێی لەسەر ئاستی جیهان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی ببنە جوانترین کچە یاریزان لە ساڵی ٢٠١٢ بەمشێوەیە:

١-یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا ئەلێکس مۆرگان.

٢-یاریزانی هەڵبژاردەی سوید جۆزڤین ئۆکفیست.

٣- یاریزانی هەڵبژاردەی کەندا کیلین کایل.

٤- گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەمەریکا هۆب سۆلۆ

٥- یاریزانی هەڵبژاردەی کەندا لوین سیلسان

٦- یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا سیلینا ڤاگنر

٧- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا لۆر بیلۆ

٨- یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا تاتیانا ئەریزا

٩- یاریزانی هەڵبژاردەی سوید جیسیکا لاندستورم

١٠- یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا ئیمی رۆدریگز



٢


٣



٤




١



٥


٦


٧


٨


٩


١٠

# ئۆلیڤێرای بەرازیلی
# بڕی گرێبەستەکەی ئاشکرا ناکات



**■ ئۆلیڤیرا ناوی تەواوی زایتو ئۆلیڤێرایە لە دایکبووی وڵاتی بەرازیلە لە شـاری سالڤادۆ لە ساڵی ١٩٨٦ لە دایکبووە، وەکو هەر یاریزانێکی دیکە سـەرەتا لە شـەقامەکانەوە دەستی بە یاری تۆپی پێی کردووە، بۆچەندین یانەی بەرازیلی و ئەوروپی و عەرەبی یاریکردووە ئەمسـاڵیش بە پێی گرێبەسـتێك هاتۆتە ریزی یانەی دهۆك،ئێمە دوای چاوەڕوانێکی زۆر توانیمان ڕازی بکەین بۆئەنجامدانی دیمانەیەك سە بارەت بەخۆی بۆ گۆڤاری گوڵان چەندین پرسیارمان ئاڕاستەی کرد.■**

*** سـەرەتا ئەگەر پێمان بڵێیـت بۆچەند یانە یاریت کردووە چۆن دەست پێکردووە؟**

- لە و شـارەی لێی لەدایکبووم لە سـالڤادۆ لە ریزی دووەمی یانەکە دەسـتم بە یاریکردووە دواتریش رووم لە یانەی ساوپاولۆ کردووە دواتریش لە ریزی پلەی یەکەمی یانەی ساوپاولۆ هاتمەوە یانەی شارەکەم سالڤادۆ، دواتریش رووم لە ئەوروپا کردو لە یانەی ئیسـتۆری پورتوگالی یاریمکرد دواتریش رووم لە لە خولی روسیا کردو لە یانەی کامـاس یاریمکردوە، ئینجـا رووم لە یانەکانی وڵاتانـی عەرەبی کردوە لـە خولی ئیماراتی لە دوبـەی و لە یانەی عروبەش یاریم کردووە دوای یانەی عروبـەش رووم لە خولی بەرازیلی کردەوە چوومە یانەی شارەکەم.

***چۆن بوو بـۆ یەکەمجار لە ژیانت رووت لە یانەیەکی کـوردی کرد ئەویـش یانەی دهۆك بوو؟**

- من لە وڵاتـی بەرازیل بـووم بەڕێوەبەری کارەکانم پەیوەندی پێوە کردم گوتی گرێبەستێکت بۆهاتووە منیش هاتم سەیری گرێبەستەکەم کردو زانیم یانەی دهۆك یانەیەکی بەهێزە لەسەر ئاستی عێراق بۆیە ڕاسـتەوخۆ هاتمە شـاری دهۆك و گرێبەستەکەم مۆرکرد.

*** بیسـتوومانە گرێبەسـتێکی گران بەهات مۆرکردووە لەگەڵ یانەی دهۆك؟**

-بەپێکەنینیەوە ئەوە ناگوترێ و ئاشکرای ناکەم چونکە ئەوە نهێنییە لە نێوان من و یانەی دهۆك و هەر چەندێك بێت.

***بۆچی ئاشکرای ناکەیت دیارە گرێبەستەکەت باشە؟**

-بۆمن ئێسـتا باشـە هەر چەندە من چاوم لە زیاتـر بوو، بەڵام دیارە ئێمە لەسـەر بەشـێکی گرێبەستێك رێککەوتووین.

***ئامانجـت چییە لەگـەڵ یانەی دهۆك لەم وەرزەی خولەکانی عێراقی و خولەکانی دیکە؟**

- بەهیوای ئەوەم جامـی عیراقی و نازناوی خولی بژاردەی عیراقی لەگەڵ یانەکە بەدەسـت بهێنم و لە جامی ئاسیاش بتوانین ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین.

***چۆن پێشوازیت لێکرا ؟**

- مـن کە هاتمە عیراق نەمزانی ئەوە بەغدایە و ئـەوەش دهۆك، بـەڵام کەهاتـم و بەچاوی خۆم هەموو شـتەکانم بینی، کورد نەتەوەیەکی مرۆڤدۆسـتە و خزمەتی خەڵکـی بیانی باش دەکات.

***حەزدەکەی بۆماوەیەکی زیاتر لێرە بمێنیتەوە؟**

-بێ گومان ئەوە هیوای منە، چونکە کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆشە.

***بەڵێنی چی بە هاندەرانی وەرزشـی دهۆك دەدەیت لە جامی ئاسیا؟**

- ئەوەی لەسـەر منە هەموو تواناکانم سەرف دەکەم بۆخزمەتکردنی یانەی دهۆك و پێشکەوتنی خولی عێراقی و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دەکەم بتوانم لە جامی ئاسـیا ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین.

***کێشەو گرفتت نییە لە یانەی دهۆك؟**

-نەخێـر تاکوئێسـتا هیچ کێشـەم ڕوو بەڕوو نەبۆتەوە، یانەی دهۆك هاوکارێکی زۆر باشـن بۆمن ، هەروەها لەگەڵ هەموو یاریزانەکان زۆر هاورێـم و لە نزیکەوەلەگەڵیان دەدویم بە تایبەتی یاریزانـی کوردی یانەکە و شـاری هەولێربەیار ئەبوبەکـر و کاپتن کاوە ئیبراهیـم زۆر نێوانمان خۆشە هەموومان وەکو برا هاوکاری یەکترین .

***پەیامت چیە بۆهاندەرانی دهۆك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم بە کۆمەڵێك دەستکەوتەوە بگەڕێمەوە وڵاتی بەرازیل و زۆریش دڵخۆشم لە شاری دهۆك.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-تەنیا سوپاسـی هاندەرانی وەرزشـی دەکەم لە شـاری دهـۆك کە زۆر هـاوکاری ئێمەن و هەردەم پاڵپشتی یانەکەمانن وخۆشەویستیم هەیە بۆگۆڤاری گوڵان کە ئێوە لە شـاری هەولێرەوە هاتوونە ماوەیەکی زۆرتان بڕیوە تاکو بەم شـەوە ئـەم دیمانەتان لەگەڵ مـن ئەنجامداوە دووبارە سوپاس بۆ ئێوە.






دیمانە:کارزان کانەبی


١


٢


٣


٤


٥


٦


٧


٨


٩



١٠

# جوانترین و سەیرترین ١٠ وێنەی وەرزشی لە ساڵی ٢٠١٢

لە ساڵی ٢٠١٢ چەندین ڕووداوی گرنگی وەرزشی هاتنەئاراوە، لەم ڕووداوانە چەندین وێنە لە لایەن فۆتۆگرافەران گیراون، بەڵام ڕۆژنامەکانی جیهان توانیان جوانترین و سەیرترین ١٠ وێنەی وەرزشی لە ساڵی ٢٠١٢ دەستنیشان بکەن، بەم شێوەی خوارەوە.

١-لەم وێنەدا یاریزانێك بەخێرایی ڕادەکات بۆ ئەوەی یاریی سەرکەوتنی شەپۆڵەکانی دەریا ئەنجام بدات.

٢- وێنەیەکی زۆر جوانی یاریزانێکی جمناستیکی کەنەدی لە کاتی بەڕێوەچوونی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ گیراوە.

٣- وێنەیەکی سەیری یاریزانی هەڵبژاردەی سوید ئۆلۆف مێلبێرگ لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٢، کاتێك وا هەست دەکەیت ئەم یاریزانە بە ٣ تۆپ یاری دەکات.

٤- وێنەیەکی هونەریی زۆر جوان لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی کۆتایی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ گیراوە.

٥- وێنەیەکی جوانی یاریزانی یەك باز بەریتانی گریگ ڕۆزفۆرد لەکاتی بەڕێوەچوونی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢.

٦- ئەم وێنەیە لە کاتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی خلیسکان لەسەر بەفر بەشێوازێکی هونەری گیراوە.

٧- یاریزانی بەریتانی خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت بە وەرگرتنی ملوانکەی برۆنزی لە ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ و ئاهەنگ لەگەڵ هاوڕێکانی دەگێڕێت لە نێو ئاودا.

٨-وێنەیەکی زۆر جوان پێش دەستپێکردنی پاڵەوانێتی گۆلف لە وڵاتی سەنگافورە.

٩- نوێترین و سەیرترین یاریی وەرزشی لە وڵاتی ئەفغانستان ئەنجام دەدرێت.

١٠- ئەم وێنەیە مانایەکی یەکجار زۆری هەیە، کاتێك هاندەرانی یانەی مانچستەر سیتی بڕیاریاندا ئاماژە بە ساڵانە بدەن، کە یانەی مانچستەر یونایتد ناتوانێت هیچ نازناوێك بە دەستبهێنێت، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك لە هاندەرانی مانچستەر یونایتد، کاتێك هاندەرانی ئەم یانەیە هەمان کاریان ئەنجامدا و ژمارەی ٤٤ یان لە یاریگا چەسپاندبوو وەکو هێمایەك، کە یانەی مانچستەر سیتی لە ماوەی ٤٤ ساڵ نەیتوانی هیچ ئەنجامێك بە دەستبهێنێت.



# پێکانی گۆرکوف سەختە

یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی لیۆن یوان گۆرکوف تووشی پێکانێکی سەخت هات، کە بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆر ئەم یاریزانە تا کۆتایی ساڵ ناتوانێت یاری بکات.
جان میشال ئۆلاس سەرۆکی یانەی لیۆن لە لێدوانێکیدا گوتی: گورکوف لە یاریی لیون و سانت ئیتیان تووشی پێکان هاتووە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ یاری ناکات، واتە لە قۆناغی دووەمی خولی فەرەنسا دەگەڕێتەوە یارییەکانی یانەی لیۆن.
جێگەی باسە هەفتەی رابردوو لە یاریی لیون و سانت ئیتیان گۆرگوف تووشی پێکان هات و لەم یارییەدا یانەی لیون توانی یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بباتەوە و جێگەی خۆی لە پێشەنگی خولی فەرەنسادا بچەسپێنێت.



# باشترینەکانی جیهان لە یاری تێنسی سەر زەوی بۆ ساڵی ٢٠١٢ دەستنیشان کرا

یەکێتیی تێنسی سەر زەوی جیهانی باشترین یاریزانی لە ساڵی ٢٠١٢ لەسەر ئاستی کوڕان و کچان دەستنیشان کرد.
لە ئاهەنگێکدا یەکێتیی تێنسی سەر زەوی جیهانی یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیتچ بە باشترین یاریزان لە ساڵی ٢٠١٢ لەسەر ئاستی کوڕان دەستنیشان کرد و لەسەر ئاستی کچان یاریزانی ئەمەریکی سیرینا ولیامیزی دەستنیشان کرد.
لە ئاستی جووتدا بۆ کوڕان دووانەی ئەمەریکی بۆب و مایك برایان بە باشترین یاریزان دەستنیشان کران و لەسەر ئاستی کچاندا هەردوو کچی یاریزانی ئیتاڵی سارە ئیرانی و رۆبێرتا ڤینشی دەستنیشان کران.
نۆڤاك جۆکۆڤیتچ لە ساڵی ٢٠١٢ توانی لە پێشەنگی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهان بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەکدی بمێنێتەوە، هەروەها توانی نازناوی ئوسترالیای کراوە بە دەستبهێنێت و بگاتە یاریی کۆتایی هەردوو پاڵەوانێتیی فەرەنسا و ئەمەریکای کراوە و نازناوی پێنج پاڵەوانێتیی گەورەی بە دەستهێنا.
سرینیا ولیامز لە ساڵی ٢٠١٢ توانی نازناوی پاڵەوانێتیی ویلْمبدون و ئەمەریکا کراوە بە دەستبهێنێت و ملوانکەی زێری لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ لەسەر ئاستی تاك و دووانەی بە دەستهێنا.
هەردوو دووانەی ئەمەریکی بوب و مایك برایان لە ساڵی ٢٠١٢ توانیان ملوانکەی زێر لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن بە دەستبهێنن بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا، هەروەها ئەمە نۆیەم جارە بە باشترین یاریزان دەستنیشان دەکرێن لە دە ساڵی رابردوودا.
هەردوو کچە یاریزانی ئیتاڵی سارە ئیرانی و رۆبرتا فینچی توانیان لە ساڵی ٢٠١٢ دوو گەورەترین نازناوی جیهانی لە یاریی تێنسی سەرزەوی بە دەستبهێنن، ئەویش بردنەوەی پاڵەوانێتیی ئەمەریکا و فەرەنسای کراوە.

# کاسیاس لە ئەمەریکا کۆتایی بە ژیانی وەرزشی دەهێنێت

گۆڵچی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیکەر کاسیاس لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵێکی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە بیرۆکەی وازهێنانی تۆپی پێ لە وڵاتی ئەمەریکا قبووڵە، هەروەها گوتی: ئەم بیرۆکەیەم زۆر لا پەسندە، بەڵام ئێستا نا، دوای چوار ساڵ یاخود پێنج ساڵی دیکە.
لە درێژەی قسەکانیدا کاسیاس گوتی: راستە حەز دەکەم دوای چەند ساڵێکی دیکە بەشێوەیەکی جیاواز تۆپی پێ بکەم و ناتوانم داوای یاریکردن لە خولی ئەمەریکا رەتبکەمەوە.
لە کۆتاییدا کاسیاس گوتی: زۆر حەز دەکەم یاریکردن لە خولی ئەمەریکا تاقیبکەمەوە، بەڵام ئەگەر تەمەنم ٣١ ساڵ بێت رەخنەکان بەمشێوەیە بەهێز بێت، ئەگەر تەمەنم بووە ٣٥ ساڵ ئەوە دەبێت رەخنەکان چۆن بێت. جێگەی باسە کاسیاس تەمەن ٣١ ساڵ لە ساڵی ٢٠١٠ بووە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لە بەشداریکردن لە یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە تا ئێستا بەشداری لە ١٤٣ یاری کردووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ بووە خاوەن ژمارەیی پێوانەیی لە بەشداریکردن لە یارییەکانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، کە تا ئێستا ١٤٣ یاری ئەنجامداوە.

